گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/d7knzy40

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 10/08/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 09/11/2025
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/03/2026

# شیکاری ئەرکەکانی زمان لە ڕوانگەی زمانەوانیی ئەرکیی سیستەمییەوە (کتێبی خوێندنی کوردیی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی بە نمونە)

**شادان حەمەئەمین محەمەد**
shadanhamaamin2@gmail.com

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان، وەزارەتی پەروەردە، کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

سروشت و جەوهەری زمان بەشێوەیەکە، کە تاک لە ڕێگای بەکارهێنانییەوە نەبێت، ناتوانێت بەڕونی لێیتێبگات و شیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ بکات، زمانەوانیی ئەرکییش وەک یەکێک لە لقە سەرەکییەکانی زانستی زمان، یەکێکە لە بابەت و پرسەکانی زمانەوانیی نوێ و گرنگی بە لێکۆڵینەوەی زمان دەدات لەلایەنی کۆمەڵایەتیی زمانەوە و ئەو ئەرکانەی، کە زمان لە کۆمەڵدا ئەنجامیاندەدات، واتە قوتابخانەی ئەرکیی بونی زمان لەلایەکەوە بە بونی کۆمەڵ و لەلایەکی ترەوە بەو ئەرکانەوە گرێدەدات، کە زمان ئەنجامیاندەدات.

لەم لایەنەوە زمانەوانی بەریتانی (مایکڵ هالیدای) لێکۆڵینەوەیەکی لەم بوارەدا ئەنجامداوە و تیایدا هەوڵیداوە ڕۆڵی پەیوەندییەکانی زمان وەک سیستەمێکی گەورە، کە بەشەکانی تێکئاڵاون و لەیەکتر جیاناکرێنەوە، ڕونبکاتەوە. لەم ڕوانگەیەشەوە ئەم زمانەوانە ئاماژە بەوە دەدات، کە زمان خزمەت بە حەوت ئەرکی جیاواز دەکات کە ئەوانیش بریتین لە: ئەرکی (ئامرازیی، ڕێکخستن، کارلێککردن، کەسیی، گەڕان، خەیاڵی، زانیاری گەیاندن)، خزمەتکردنەکەشیان بەتایبەتی لە گەشەکردنی سەرەتای قۆناغی منداڵیدایە، ئەم ئەرکانەش ئەوە دەردەخەن، کە منداڵان چۆن زمان بۆ بەدیهێنانی پێویستییە جۆراوجۆرەکان و کارلێککردن لەگەڵ ژینگەکەیان بەکاردەهێنن، هەر لەم سۆنگەیەشەوە ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (شیکاری ئەرکەکانی زمان لە ڕوانگەی زمانەوانیی ئەرکیی سیستەمییەوە - کتێبی خوێندنی کوردی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی بە نمونە) هەوڵێکە بۆ شیکردنەوە و باسکردنی ئەرکە بنەڕەتییەکانی زمان لە زمانی کوردیدا، بەپشت بەستن بە تیۆری زمانەوانیی ئەرکیی سیستەمیی هاڵیدای، بۆ ئەمەش کتێبی (خوێندنی کوردی)ی پۆلی سێیەمی قۆناغی بنەڕەتی وەک نمونە بەکارهێنراوە و داتاکانی توێژینەوەکەش لەو سەرچاوەیەوە وەرگیراون.

**کلیلە وشە:** زمانەوانیی ئەرکیی سیستەمی، کتێبی خوێندنی کوردی، ئەرکەکانی زمان، گەشەی زمانیی، دەوروبەر.

# The Functional Roles of Language from the Perspective of Systemic Functional Linguistics The book (Kurdish Reading) for Third Grade Elementary as an Example

**Shadan Hamaamin Mhammad**
Garmian Education Directorate, Kalar, Ministry of Education, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

The nature and essence of language is such that human beings cannot clearly comprehend, analyze, and interpret it without using it in a practical way. Functional linguistics is one of the subjects and issues of modern linguistics that emphasizes the study of language from a social perspective and the functions that language performs in society. That is to say; the school of functional existence of language connects, on one hand, to the existence of society and, on the other hand, to the functions that language performs or indicates

In this regard, the British linguist Michael Halliday has conducted research in this field and has attempted to clarify the role of language relationships as a large system whose parts are interconnected and inseparable from each other. From this point of view, he shows that language serves seven different functions, particularly in early childhood development. These functions reveal how children use language to meet various needs and interact with their environment. This study aims to analyze and explain the fundamental functions of language in the Kurdish language, based on Halliday's systemic functional linguistic theory. For this purpose, the book "Kurdish Reading" for third grade primary level has been used as a sample.

**Key words:** Systemic Functional Linguistic, The Book (Kurdish Reading), Language Functions, The Evolution of Language, Context.

## پێشەکی

١/٠) ناونیشانی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (شیکاری ئەرکەکانی زمان لە ڕوانگەی زمانەوانیی ئەرکیی سیستەمییەوە. کتێبی خوێندنی کوردیی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی بە نمونە)، توێژینەوەکە کار لەسەر ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی سیستەمی زمانیی دەکات، بە پشتبەستن بە تیۆری زمانەوانیی ئەرکیی سیستەمیی زمانەوان (مایکڵ هالیدای).

٢/٠) ڕێبازی توێژینەوەکە: لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی (پەسنیی شیکاری) بەکارهێنراوە.

٣/٠) سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی بەکارهێنراوە، کەرەستەی توێژینەوەکەش کتێبی (خوێندنی کوردی)یە، کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پۆلی سێیەمی بنەڕەتی دانراوە.

٤/0) گرنگی توێژینەوەکە: گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، هەوڵدەدات لە ڕوانگەی زمانەوانیی ئەرکیی سیستەمییەوە، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ کتێبی پۆلی سێیەمی بنەڕەتی بکات، تاکو بگاتە ئەو ئەنجامەی، کە ئایا ناوەڕۆکی ئەم کتێبە لە ڕوانگەی ئەرکەکانی زمانەوە تا چ ڕادەیەک هاوسەنگە؟ ئەمەش کاردەکاتەسەر باشترکردنی تواناکانی قوتابی لەلایەنی هزری و مەعریفی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەوە.

5/0) کێشە و پرسیاری توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوە بەدوای پرسیاری ئەوەدا دەگەڕێت، کە ئایا ئەرکەکانی زمان لەو برگە و بابەتانەی بۆ قۆناغەکە دیاریکراوە بەشێوەیەکی هەڕەمەکییە، یان ڕێکخراو و هاوسەنگ، هەروەها گرنگیدان بە ئەرکێک و بەلاوەنانی ئەرکێکی دیکە چ جۆرێک لە کاریگەری لەسەر قوتابیان دروستدەکات؟ توێژینەوەکە لە ڕێگەی ئەنجامەکانییەوە وەڵامی پێویستی ئەم پرسیارانە دەداتەوە.

6/0) ئامانجی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئەو ئەرکانە ڕونبکاتەوە، کە زمان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەیبینێت، ئەمەش چۆنێتی بەکارهێنانی زمان بۆ گەیاندنی واتای جۆراوجۆر دەگرێتەوە، واتە تیشک لەسەر ئەوەیە، کە زمان چیدەکات؟ ئەرکەکانی لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا چین؟

٧/٠) ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە دو تەوەرە پێکهاتوە بەم شێوەیە:

لە **تەوەرەی یەکەمدا** باس لەم بابەتانە کراوە: زمان و ئەرکەکانی، پۆلێنکردنی ئەرکەکانی زمان لەڕوانگەی زمانەوانانەوە (مالینۆفسکی، کارل بوهلەر، ڕۆمان یاکۆبسن) زمانەوانیی ئەرکی، تیۆری زمانەوانیی ئەرکیی سیستەمی.

لە **تەوەرەی دوەمیشدا** باس لەم بابەتانە کراوە: ئەرکەکانی زمان لەڕوانگەی مایکڵ هالیدایەوە، ئەرکی ئامرازیی، ئەرکی ڕێکخستن، ئەرکی کارلێککردن، ئەرکی کەسیی، ئەرکی گەڕان، ئەرکی خەیاڵی، ئەرکی زانیاری گەیاندن، شیکردنەوەی داتا بەدەستهاتوەکان، هەڵسەنگاندنی داتاکان. لەکۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتوەکان، لیستی سەرچاوەکان و خراوەتەڕو.

## تەوەرەی یەکەم

## ١/١ زمان و ئەرکەکانی

ئەرکەکانی زمان ئاماژەیە بۆ ئەو شێواز و ڕێگایانەی، کە دەتوانین زمان بۆ بەدەستهێنانی پرۆسەی پەیوەندیکردن بەکاربهێنین، تاک زمان وەکو ئامرازێک بەکاردەهێنێت، تا ئەوەی لە مێشکیدایە بۆ کەسانی تر دەربیخات، هەروەها سروشت و جەوهەری زمان بەشێوەیەکە تاک لە ڕێگەی بەکارهێنانییەوە نەبێت ناتوانێت بەڕونی لێی تێبگات.

زمان بنەمای کۆمەڵە لەگشت سەردەم و کات و شوێنێکدا گرنگی خۆی هەیە، بە بڕوای سۆسێر (زمان بونێکی کۆمەڵایەتی هەیە بەو واتایەی زمان بەردەوام پەیوەندی تاکێک و تاکەکانی دیکەی کۆمەڵ دروستدەکات، بەواتایەکی تر زمان لە ڕوە کۆمەڵایەتییەکەیەوە جگە لە ڕێکخستن و پێکهێنانی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ هیچ ئەرکێکی دیکەی نییە.)(مەعروف، ٢٠١٣: ١٠٠) هەروەها مالینۆفسکی دەڵێت (ناکرێت بەبێ زانینی ئەو ئەرکەی کە زمان لەکۆمەڵدا پێی هەڵدەستێ، لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵ بکرێت، هەروەها ئەرکی زمان تەنیا بریتی نییە لە هۆکارێک بۆ لێکتێگەیشتن و گەیاندن، بەڵکو ئەرکی زمان بازنەیەکە لە زنجیرە چالاکییە ڕێکخراوەکانی مرۆڤ.)(مەعروف، ٢٠١٣: ٩٨).

یەکێکی تر لە گرنگترین ئەرکەکانی زمان بریتییە لە ڕۆڵی زمان وەکو ئامرازێک بۆ دەربڕینی ئەندێشە و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان، بەو واتایەی زمان ڕۆڵێکی گرنگی لە جۆر و چۆنێتی بیرکردنەوەی مرۆڤدا هەیە و یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکان لە شێوازی بیرکردنەوەی تاکدا، واتە چۆنێتی تێگەیشتن و درککردن و تێڕوانینی مرۆڤ بۆ جیهان لەژێر کاریگەری زماندا شێوە دەگرێت و هێزی بیرکردنەوەشی پەیوەستە بە گەشەی زمانەوە، واتە تاوەکو زمانی تاک گەشەی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت، بیرکردنەوە و تێگەیشتنی بۆ جیهان باشتر دەبێت(حەمید، ٢٠٢٤: ١٧) هەر بۆیە زمان وەک ئامرازێکی پەیوەندیکردن زیاتر دەگەیەنێت لەوەی تەنیا ئەرکی گواستنەوەی هەواڵێک یان وەسفکردنی واقع بێت، بەڵکو مرۆڤ

دەتوانێت ئەو ئەرک و کارانەشی پێ جێبەجێ بکات، کە ڕەنگە بەبێ بونی زمان جێبەجێکردنیان کارێکی ئەستەم بێت.(عەلی، ٢٠١٤: ٢١٩).

**٢/١ پۆلێنکردنی ئەرکەکانی زمان لەڕوانگەی زمانەوانانەوە**

لەدوای دەرکەوتنی کتێبی (وانەکەکانی زمانناسیی گشتی ١٩١٦ فێردیناند دی سۆسێر)، یەکێک لە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە زمانناسیی نوێی بە خۆیەوە سەرقاڵکرد، بابەتی ئەرکەکانی زمانە(language functions)، دی سۆسێر زمانی وەکو سیستەمێک لە نیشانە پێناسەکردوە، کە ئەرکی سەرەکییان پەیوەندیکردنە، ئیتر لەو کاتە بەدواوە زمانناسان و لێکۆڵەران دەستیانکرد بە لێکۆڵینەوە لە ئەرکەکانی زمان و ڕێکخستنیان و پۆلێنکردنیان بەپێی تیۆر و بۆچونی جیاواز، لە دیارترینیان ئەمانەن:

**١-٢/١ مالینۆفسکی (Bronislaw Malinowski)**

ئەم لێکۆڵەرە لە بنەڕەتدا مرۆڤناس(anthropologist) بوە، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە لە زمانی کۆڵیوەتەوە و بۆچونی وایە، زمان نەک تەنها ئامرازێک بێت بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان، بەڵکو ئامرازێکە بۆ بنیاتنان و پاراستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

ئەم لێکۆڵەرە بەدواداچونی لە یەکێک لە دورگەکانی زەریای ئارامدا ئەنجامدا، کە تیایدا گەلانی نامۆ و سەرەتایی دەژیان، توانی زمانەکەیان فێرببێت پاشان شێوەی ژیانی ئەوانی بەکارهێنا، ئەمەش وایکرد لە ساڵی ١٩٢٣ بتوانێت ئەرکەکانی زمان دیاریبکات، بەم شێوەیە دو ئەرکی زمانی دیاریکردوە، ئەوانیش: ئەرکی پراگماتیکی و ئەرکی جادویین.(حمداوی، ٢٠١٢، لینک)

ئەرکی پراگماتیکی(pragmatical function)*: زمان وەکو کەرەستەیەک بۆ هەماهەنگی و هاوکاری لە کار و چالاکییە بەکۆمەڵەکاندا و بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەی خەڵک بەکاردێت، وەکو: فەرماندان، داوای یارمەتیکردن، هەماهەنگیکردن لە ڕاو و کشتوکاڵدا...

ئەرکی جادویی(magical function): زمان بۆ پێکهێنانی پەیوەندی لەگەڵ هێزە سەرو سروشتییەکاندا بەکاردەهێنرێت، وەکو: دوعا و پاڕانەوە، سرودە ئایینییەکان، بەکارهێنانی هەندێک وشە بۆ تەلیسم و جادو... ئەمانەش لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکاندا بەکاردێن و لێرەدا ئەرکی زمان بۆ گەیاندنی زانیاری نییە، بەڵکو بۆ کاریگەری خستنەسەر واقیعە، بۆ نمونە: دوعا و پاڕانەوە بۆ ئەوەی بەروبومە کشتوکاڵییەکان بە بەرهەم بن، یان دور بن لە دەرد و بەڵا.(حمداوی، ٢٠١٢، لینک).

مالینۆفسکی جەخت لەسەر بنەما و بنچینەی دەوروبەری کۆمەڵایەتی لە درککردنی واتادا دەکاتەوە و پێی وایە ئەگەر زمان لە ژینگە و دەروبەر و ئامانجی قسەکەر دابڕین، ئەوە هیچ واتایەکی نامێنێت، ئەم بیروباوەڕەش لە دەیەکانی دواتردا بوە ئیلهامی لەدایکبونی تیۆری زمانەوانی ئەرکی و سەرهەڵدانی زانستی پراگماتیک.

**٢-٢/١ کارل بوهلەر (Karl Buhler)**

لێکۆڵەر و دەروناسی ئەڵمانی کارل بوهلەر لەساڵی ١٩٣٣ لە ڕوانگەی دەرونییەوە دەستیکرد بە دیاریکردنی ئەرکەکانی زمان، کە پەیوەستن بە قسەکەر و لە پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵگا و کلتوری خۆیدا، ئەم لێکۆڵەرە توانی سێ ئەرک دیاریبکات، ئەوانیش بریتیین لە:

- ئەرکی هەڵچون (expressive): پەیوەستە بە نێرەر/قسەکەرەوە.
- ئەرکی کاریگەریی و سەرنجڕاکێشان (conative): پەیوەستە بە وەرگر/بیسەرەوە.

- ئەرکی سەرچاوەیی (referential): پەیوەستە بە سەرچاوەی زانیارییەوە، واتە گواستنەوەی زانیارییە دەربارەی جیهان(هلیدی و حسن، ١٤٠٠: ٦٢)

**٣-٢/١ ڕۆمان یاکۆبسن**

زمانناسی بونیادگەر و یەکێک لە ئەندامە دیارەکانی قوتابخانەی پراگ، لەساڵی ١٩٦٠ لە وتارێکیدا بەناونیشانی زمانەوانی و شیعرییەت(linguistics and poetics) تیۆری ئەرکەکانی زمانی خستەڕو، کە یەکێکە لە گرنگترین و کاریگەرترین تیۆرەکان لە شیکاری زماندا، ئەم تیۆرە لە چەندین بواری جۆراوجۆری زماندا بەکارهێنراوە، وەکو: زمانناسی، ئەدەبیات، شیکردنەوەی دەق و گوتار...

یاکۆبسن پێیوایە زمان تەنیا ئامرازێک نییە بۆ گواستنەوەی واتا، بەڵکو دیاردەیەکی فرە لایەن و فرە ڕوە پەیوەست بەدەوروبەر و ئامانجی پەیوەندیکردنەوە خاوەنی ئەرکی جۆراوجۆرە، پێیوایە پەیوەندیکردن ئەرکی سەرەکی زمانە و ئەم پەیوەندیکردنەش پشت بە شەش ڕەگەزی سەرەکی دەبەستێت، کە بریتیین لە: نێرەر، وەرگر، بابەت، پەیام، کەناڵی پەیوەندی، کۆد.

ئەمەش ڕوندەکاتەوە ودەڵێت: نێرەر پەیامێک بۆ وەرگر دەنێرێت، ئەم پەیامە بابەتێکی دیاریکراو لەخۆدەگرێت، دەبێت بابەتی پەیامەکە هەڵگری واتا بێت، تا بتوانێت کاریگەری لەسەر وەرگر هەبێت، هەر پەیامێکیش لە کۆمەڵێک کۆد پێکدێت، کە ئاڕاستەی وەرگر دەکرێت و پێویستە وەرگر توانای شیتەڵکردنی کۆدەکانی هەبێت(واتە زمانێکی هاوبەش لەنێوان نێرەر و وەرگردا هەبێت)، هەمو پەیامێکیش ئەگەر بە کەناڵێکی پەیوەندیدا تێنەپەڕێت، ناگاتە دەستی وەرگر، کەناڵی پەیوەندیش دەکرێت قسەکردن، نوسین، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن... بێت، هەریەک لە ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردنیش ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە.(صفوی، ١٣٩٠، ٣٧-٣٩). بەم شێوەیە لە تیۆری یاکۆبسندا زمان شەش ڕەگەزی پەیوەندیکردنی هەیە و هەر ڕەگەزێکیش ئەرکێکی هەیە، کە ئەمانەن:

نێرەر و ئەرکی هەڵچون، وەرگر و ئەرکی کاریگەریی، پەیام و ئەرکی ئەدەبی، بابەتی پەیام و ئەرکی سەرچاوەیی، کەناڵی پەیوەندی و ئەرکی هاودڵی، کۆد و ئەرکی مێتا زمانی.

یەکەم/ ئەرکی هەڵچون- emotive function: بە ئەرکی دەربڕین(expressive)یش ناودەبرێت، زمان لەم ئەرکەیدا ڕوی لە نێرەرە و پیشاندەری هەستی تایبەتی نێرەرە، واتە لە هەر شوێنێک نێرەر باسی خۆی بکات، ئەرکی هەڵچونی زمانی بەکارهێناوە.(یەعقوبی، ٢٠٠٥: ١٩) زۆربەی دەق و گوتار و وێنە و پەیوەندییەکان بریتین لە پەیامێک، کە نێرەر دەینێرێت بۆ وەرگر، کاتێک قسەکەر پەیامەکەی دەگۆرێت بۆ کۆمەڵێک هەست و سۆز و ئەزمونی کەسیی و جێناوی قسەکەر بەکاردەهێنێت، لێرەوە نێرەر ڕەهەندێکی تایبەتی دەگرێتەخۆ، کە بریتییە لە دەربڕینی هەستەکان.(حمداوی، ٢٠١٢، لینک) کەواتە ئەرکی هەڵچون، یاخود دەربڕین ئەو پەیوەندییانە دیاریدەکەن لەنێوان نێرەر و پەیامدا هەن و پیشاندەری بارودۆخی دەرونیی قسەکەرە.

دوەم/ ئەرکی کاریگەری- conative: بە ئەرکی (هاندەری)ش ناودەبرێت، لەم ئەرکەیدا ڕوی پەیام لە وەرگرە، لەکاتی بانگکردن، یان دەستوردان بە کەسێک ئەم ئەرکەی زمان خۆی دەنوێنێت. یاکۆبسن دەڵێت: ناتوانرێ ڕاستی یان ناڕاستی لەم چەشنە ڕستانەدا دیاریبکرێت، وەک:

**ئەم ژورە خاوێن بکەرەوە.**

واتە لەم جۆرە ڕستانەدا سەرچاوەیەک بەدیناکرێت تا بۆ سەلماندنی ڕاست، یان ناڕاستبونی ڕستەکان بگەڕێینەوە سەری.(یەعقوبی، ٢٠٠٥: ١٩-٢٠) ئامانجی ئەم ئەرکە گەیاندنی پەیامێکە و جوڵەیەک بە وەرگر/بیسەر دەدات، واتە

ئەگەرچی لەسەرەتادا بەشێوەیەکی سادە مامەڵە لەگەڵ وتارەکەدا دەکرێت، بەڵام دواتر بەشێوەیەکی لۆجیکی و ناڕاستەوخۆ بەرەو ئەرکێکی پەیوەستی و تەواوکەریی دەبات.(محمد، ٢٠٠٨: ١٩)

وەرگرەکە ئەو کەسەیە پەیامەکانی قسەکەر ئاڕاستەی دەکرێت، بە جێناوی کەسی دوەم بەمەبەستی ڕازیکردن یان کاریگەریی خستنەسەر، یان سەرنجراکێشانی بەشێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی، کەواتە ئەرکی کاریگەریی هەوڵدەدات پەیوەندییەکانی نێوان نێرەر و وەرگر دیاریبکات، کە تیایدا وەرگر هاندەدرێت و سەرنجی ڕادەکێشرێت.

سێیەم/ ئەرکی سەرچاوەیی- referential function: ئەرکی ئاماژەییشی پێدەوترێت، لەم ئەرکەدا پەیام ئاڕاستەی بابەتی پەیام دەکرێت، لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ زەمینەیەکی دیاریکراو، ئاسانکاریمان بۆ دەکات سەبارەت بە پەیام، کە باسی چی دەکات؟ سەرەتاش دەبیت کۆدەکان بخوێنینەوە، کە لە ڕێگەی ژینگە و ڕۆشنبیری و زەمینەی ڕستەکانەوە تایبەتمەندییان بەخشیوەتە پەیام و ڕاستی و ناڕاستییان بەدیدەکرێت، لە بنەڕەتیشدا ڕستەکان واتای هەواڵدان پیشاندەدەن.(محمد، ٢٠٠٨: ١٩)، وەکو:

**دوێنێ باران باری.**

یاکۆبسن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە جیاوازی نێوان ئەرکی سەرچاوەیی و ئەرکی کاریگەری لە ڕێگای توانای سەلماندنی ڕاستی، یان ناڕاستبونی ڕستەکانەوە دیاریدەکرێت، بەجۆرێک تەواوی ڕستە هەواڵییەکان خاوەنی ئەرکی سەرچاوەیین، چونکە دەتوانرێت بسەلمێنرێت ڕاست، یان ناڕاستن.(صفوی، ١٣٩٠: ٣٦).

چوارەم/ ئەرکی مێتازمانی- meta language function: ئەم ئەرکە جەختکردنە لەسەر نیشانەکان، لەکاتێکدا نامەکە لەلایەن نێرەرەوە ئاڕاستەی وەرگر دەکرێت، واتە بەکارهێنانی کۆدەکان زمانێکی هاوبەشە لەنێوان نێرەر و وەرگردا، بەم پێیە هەردوکیان هەست بەهاوبەشبونی کۆدەکان دەکەن و پێشوەختیش ڕێککەوتن لەنێوانیاندا هەیە.(محمد، ٢٠٠٨: ٢٠)، یاکۆبسن دەڵێت: هەرکاتیک نێرەر، یان وەرگر یان هەردوکیان وا هەست بکەن، کە پێویستە دڵنیاببنەوە لە هاوبەشبونی ئەو کۆدەی بەکاریدەهێنن، ئەوە پەیام ڕوی لە کۆد دەبێت، لەم دۆخەدایە زمان بۆ قسەکردن لەسەر خودی زمان بەکاردەهێنرێت، ئەم ئەرکە لەدانانی فەرهەنگدا زیاتر سودی لێدەبینرێت، بۆ نمونە لە فەرهەنگدا نوسراوە(مام: برای باوک) ئەمە نمونەیەکە لە بەکارهێنانی ئەرکی مێتازمانی.(صفوی، ١٣٩٠: ٣٦-٣٧).

ئەم ئەرکە لەسەر ڕونکردنەوە، وەسف، شیکردنەوە و ڕاڤەکردن دامەزراوە، کە بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆدە زمانییەکەیە، دوای کۆدکردنی لەلایەن نێرەرەوە، ئامانج لە کۆدکردن وەسفکردنی پەیامەکەیە بە زمان و ڕاڤەکردن و ڕونکردنەوە و تێگەیشتنی بەیارمەتی فەرهەنگ، یان یاساکانی زمان و ڕێزمانی هاوبەش لەنێوان نێرەر و وەرگردا.(حمداوی، ٢٠١٢: لینک) کەواتە کاتێک دەربارەی ڕێزمان و واتا و دەربڕینی وشەیەک پرسیار و گفتوگۆ دەکەین، دەبێتە ئەرکی مێتازمانی.


پێنچەم/ئەرکی هاودڵی- phatic function: لەم ئەرکەدا ڕوی پەیام لە پەیوەندیکردنە و یاکۆبسن دەڵێت: مەبەستی هەندێک پەیام ئەوەیە، کە پەیوەندی بەدیبهێنن، هەندێکی تر دەبنە هۆی درێژەپێدانی پەیوەندی، هەندێجاریش بۆ دڵنیابونەوەیە لە توانا و کارکردنی پەیوەندییەکە.(یەعقوبی، ٢٠٠٥: ٢١) بۆ نمونە ئەگەر لە وتوێژێکی ئاساییدا قسەکەر لە ناوەڕاستی قسەکانیدا بە گوێگر بڵێت: تێگەیشتی؟ لێم تێدەگەی؟ قسەکەم ڕونە؟ لێرەدا قسەکەر مەبەستی ئەوە نییە پرسیارێکی ڕاستەوخۆی کردبێت و لایەنەکەی تر لە وەڵامدا بڵێت: چاک تێگەیشتم! بەڵکو مەبەستی قسەکەر ئەوەیە، لایەنی بەرانبەر لە ڕەوت و درێژەی وتوێژەکە ئاگاداربکاتەوە، بۆیە لێرەدا هەریەک لەو ڕستانە بە ئەرکی هاودڵی دادەنرێن، بەڵام ئەگەر مامۆستایەک لەکاتی وانە وتنەوەدا لە خوێندکارەکانی بپرسێت: تێگەیشتن؟ لێرەدا مەبەستی قسەکەر ئەوەیە، ئەگەر لە وانەکە تێنەگەشتون، ئاگادارم بکەنەوە تاوەکو جارێکی دیکە دوبارەی بکەمەوە، بۆیە ئەم جۆرەیان بە ئەرکی

هاودڵی دانانرێت، چونکە پرسیارێکی ڕاستەوخۆیە.(صفوی، ١٣٩٠: ٣٧) کەواتە ئەرکی هاودڵی بۆ بەردەوامبونی پەیوەندییە و درێژەپێدەری گفتوگۆیە و ئامانجی قسەکەر نەپچڕانی پەیوەندییەکەیە لەگەڵ گوێگردا، هەروەها بۆ پێکهێنان و پاراستنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی بەکاردێت، نەک گواستنەوەی زانیاری.

شەشەم/ ئەرکی ئەدەبی- literary function: مەبەست لەم ئەرکە خودی پەیامە واتە ڕوی پەیام لە خودی پەیامە، لەم دۆخەدا پەیام دێتە ناوەندی سەرنجی پەیوەندییەوە، یاکۆبسن پێیوایە لێکۆڵینەوە لەم ئەرکەی زمان بەبێ لەبەرچاوگرتنی کێشە گشتییەکانی زمان، بەرهەم و ئاکامێکی ئەوتۆی نابێت و لەلایەکی ترەوە لە زمان کۆڵینەوەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی ئەرکی شیعریی زمانە.(یەعقوبی، ٢٠٠٥، ٢١-٢٢) یاکۆبسن دەڵێت: ئەرکی شیعریی زمان هەر بەژانەری شیعرەوە نابەسترێتەوە و هەر لە چوارچێوەی ئەرکی شیعریی زماندا چڕ نابێتەوە، بەڵکو لە زۆربەی پەیوەندییە زمانییەکاندا بەدیدەکرێت، بۆیە وا باشترە لە بری دەستەواژەی (ئەرکی شیعری)، بوترێت ئەرکی ئەدەبی.(صفوی، ١٣٩٠: ٣٧-٣٨) ئەم ئەرکە جەخت لەسەر فۆرم و جوانیی زمان دەکاتەوە، لە شیعر و ئەدەبیات و پەندی پێشینان و یاری زمانیی و ڕیکلامی بازرگانی...دا بەرجەستە دەبێت، بەواتایەکی تر لەم ئەرکەدا جەخت لەسەر چۆنێتی دەربڕینەکەیە نەک تەنها (چی شتێک) دەردەبڕرێت، بۆ نمونە لە ڕێکلامدا دەڵێت:

**لە دڵی سروشتەوە بۆ دڵی تۆ.**

لەم نمونەیەدا جۆرێک لە ئاواز و دوبارەبونەوەی تێدایە، کە فۆرمێکی جوانی پێبەخشیوە.




هێڵکاری پەیوەندیی نێوان ئەرکەکانی زمان و ڕەگەزەکانی پەیوەندیکردن لای یاکۆبسن

## ٣/١ زمانەوانیی ئەرکی

لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، ڕەوت و ئاڕاستەی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی لە ڕەگ و ڕیشەوە تێکەوت و خودی زمان و لێکۆڵینەوەی پەسنییانەی پێکهاتەکانی زمان بو بە تەوەری سەرەکی لێکۆڵینەوە زمانییەکان، پێشەنگی ئەم گۆڕانکارییەش زمانەوانی سویسری فردیناند دی سۆسێر بو، هەوڵەکانی ئەم زمانەوانە بوە بەردی بناغەی ڕێبازێکی نوێ بە ناوی ڕێبازی بونیادگەری(structuralism)، بەم شێوەیە لە ڕەوت و ڕێچکەی مێژوی زمانەوانی نوێدا چەندین ڕێباز و قوتابخانە لە خزمەت خودی زماندا کاریان کردوە و قوتابخانەی ئەرکیی یەکێکە لە دیارترین ئەو قوتابخانانە.

زمانەوانیی ئەرکی لە ڕوی مێژوییەوە بۆ چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە و گرنگی بە ئەرکە کۆمەڵایەتی و دەوروبەرییەکانی زمان دەدات، ئەرکییەکان زمان بە سیستەمێکی پەیوەندی دادەنێن و ڕۆڵی سەرەکی زمان پێکهێنانی پەیوەندی و گواستنەوەی واتایە، دەڵێن بەکارهێنانی زمان، هەم بیرکردنەوەیە بە زمان، هەم کارکردنە پێی لە هەمانکاتدا.(لاکسار، ١٣٩٤: ٣٢) بەم شێوەیە وای بۆ دەچن(پەیڕەوی زمان لەژێر کاریگەری ئەو ئەرکانەدایە، کە دەیبینێت، واتە ئەرکەکان بۆتەی ڕێزمانی دادەڕێژن، نەک بە پێچەوانەوە، هەروەک چۆن هەمو ئامێرێک بەپێی ئەو ئەرکەی دەیبینێت شێوەی دەدرێتێ.)(فەرهادی، ٢٠٠٨: ١٣).

سەرەڕای جیاوازیی زمانەوانە ئەرکییەکان لە تێڕوانینیان بۆ شیکاری زمان، بەڵام هاوبەشی هەمویان ئەوەیە، کە چۆن زمان بەکاربهێنن بۆ بەرەوپێشبردنی لایەنە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.(محەمەد، ٢٠٢٣: ٣١) کەواتە ڕێبازی ئەرکیی بەوە لە ڕێبازەکانی تر جیادەبێتەوە، کە بون و دروستبونی زمان لەلایەکەوە بە بونی کۆمەڵ و لەلایەکی ترەوە بەو ئەرکانەوە گرێدەدات، کە زمان ئەنجامیاندەدات، ئەمە جگەلەوەی زمان وەک دیاردەیەکی ئاڵۆزی پێکهاتو لە چەندین ئاست و توخم دەبینێت، کە تەنیا بە لێکدانیان زمان ئەو کارانە دەکات، کە لە پێناویدا دروستبوە.(فەرهادی، ٢٠٠٨: ١٦)

بەناوبانگترین ئەو زمانەوانانەی لە بازنەی قوتابخانەی ئەرکیدا کاریان کردوە ئەمانەن: ترۆبتسکۆی، مالینۆفسکی، فێرث، ڕۆمان یاکۆبسن، ئەندرێ مارتین، هێلمسلیف... بەڵام قۆناغی درەوشانەوە و چەسپاندنی ئەم قوتابخانەیە بۆ کارەکانی (مایکڵ هاڵیدای)ی بەریتانی دەگەڕێتەوە، کە بە دامەزرێنەری تیۆری (زمانەوانیی ئەرکیی سیستەمی) دادەنرێت.

**١-٣/١ تیۆری زمانەوانیی ئەرکیی سیستەمی**

زمانەوانیی ئەرکیی سیستەمی(systemic functional linguistics)، کە کورتکراوەکەی بە(SFL) ناودەبرێت، یەکێکە لە تیۆرە هەرە گرنگەکانی زمانەوانیی ئەرکی، کە لەسەر بنەمای ئەرک و واتا بنیاتنراوە و بە دەوری ئەو بیرۆکەیەدا دەسوڕێتەوە، کە زمان سیستەمێکی نیشانەیی کۆمەڵایەتییە(social semiotic system)، واتە زمان سەرچاوەیەکە بۆ دروستکردنی واتا لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا.

ئەم تیۆرە لە کۆمەڵێک بابەتی سەرەکی پێکدێت و بونەتە بنەمای سەرەکی و کرۆکی جیاکردنەوەی لە تیۆرە ئەرکییەکانی تر، لەم ڕوانگەیەوە دیارترین بابەت چەمکی سیستەمە، کە ئاماژەیە بە تۆڕێک لە پەیوەندیی تێکئاڵاو، کە ڕێکخەری زمانن، لێرەدا زمان سیستەمێکە لە واتا و لەگەڵ فۆرمدا هاوشانی یەکترن، بە پێچەوانەی بونیادگەرەکانەوە، کە تیایدا فۆرمەکانی زمان کەرەستەیەکن لە خزمەت ئامانجێکدا بە ناوی واتا.(محمد، ٢٠٢٣: ٣٢)

یەکێکی تر لە چەمکە سەرەکییەکان لەم تیۆرەدا، چەمکی هەڵبژاردن(choice)ە، بنچینەی زمان هەڵبژاردنی واتادارە و زمان سیستەمێکی داخراو نییە، بەڵکو پەیوەست بە بارودۆخی دەوروبەر و ئامانجی قسەکەرەوە کۆمەڵێک هەڵبژاردن دەکەوێتە بەردەم قسەکەر.(مهاجر و نبوی، ١٣٩٣: ٢٢) بۆ نمونە قسەکەر دەتوانێت لەبری ڕستەی (دەرگاکە دابخە.)، (دەتوانیت دەرگاکە دابخەیت.)، یان (بێزەحمەت دەرگاکە دابخە.) بەکاربهێنێت.

بابەتی دەوروبەر(context)یش، یەکێکە لە کلیلە سەرەکییەکانی تیۆرەکە، لێرەدا هالیدای دو جۆر دەوروبەر دیاریدەکات، ئەوانیش بریتین لە دەوروبەری بارودۆخ(context of situation) و دەوروبەری کلتوری( context of culture) پێیوایە بۆ تێگەیشتن لە هەر ڕستە و دەربڕاوێک، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەوروبەرەی، کە ڕستە و دەربڕاوەکەی تێدا گوتراوە، لە دەوروبەری بارودۆخدا هەریەک لە بەشداربوان و زەمینە و شێوازی گفتوگۆکە کاریگەرییان لەسەر چۆنێتی ئەو گفتوگۆیە دەبێت، کە لەو دەوروبەرەدا ئەنجام دەدرێن. دەوروبەری کلتوریش، کە بیروباوەڕ و نۆرم و

بیرکردنەوەی کۆمەڵگا دەگرێتەوە، بێگومان هەریەک لەمانەش کاریگەرییان لەسەر جۆری گفتوگۆ و وەڵامدانەوە دەبێت.(مهاجر و نبوی، ١٣٩٣: ٢٨-٣١).

ئەرکەکانی زمان پەیوەست بە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەی زمانیی منداڵەوە، یەکێکە لە بابەتە هەرە دیارەکانی تیۆری هالیدای و بۆ ئەمەش حەوت ئەرک دیاریدەکات، کە ئەمانەن:

ئەرکی (ئامرازی، ڕێکخستن، کارلێکردن، کەسی، گەڕان، خەیاڵی، زانیاری گەیاندن)، ئەرکی (ئامرازی و ڕێکخستن) لە یەکەمین ئەو ئەرکانەن، کە منداڵ لە تەمەنی ١٢-١٨ مانگیدا فێریدەبێت، بۆ نمونە وتنی وشەی (ئاو) بۆ داواکردنی خواردن، یان وتنی وشەی (نە) بۆ ڕەتکردنەوە و ڕازینەبون.

ئەرکەکانی (کارلێکردن و کەسی) بە گشتی لە تەمەنی ١٨-٢٤ مانگی دەردەکەون، بۆ نمونە منداڵ سڵاو دەکات، یان خۆشەویستی و ناز دەردەبڕێت، ئەرکەکانی (گەڕان و خەیاڵی)یش بەنزیکەیی لە تەمەنی ٢-٣ساڵی گەشەدەکات، بۆ نمونە منداڵ پرسیار دەکات: (بۆچی؟ کامە؟...)، یان لەگەڵ بوکەڵەکانیدا یاری خەیاڵی دەکات و خۆی دەبێت بە پزیشک و بوکەڵەکەش دەکات بە نەخۆش. هەرچی ئەرکی (زانیاری گەیاندن)ە کۆتا ئەرکە و لە تەمەنی ٣-٤ساڵیدا گەشەدەکات، لێرەدا منداڵ دەتوانێت زانیاری بگەیەنێت بە دەوروبەر، وەکو: دایکم ڕۆیشت بۆ بازاڕ.(Halliday, 1973: 10-18) بێگومان ئەم تەمەنانە، کە دیاریکراون، ڕێژەیین و دەکرێت لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر گۆڕانکاری بەسەردابێت.

## تەوەری دوەم

### ١/٢ ئەرکەکانی زمان لەڕوانگەی مایکڵ هالیدایەوە

زمان تەنیا هۆکارێک و ئامرازێک نییە بۆ گواستنەوەی پەیام لە ڕێگەی ڕیزبەندی و یاساکانی ڕێزمانەوە، بەڵکو سیستەمێکی چالاک و واتادار و کارەکییە، کە خزمەت بە پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ و جیهانی دەوروبەر دەکات، لەناو زمانەوانانی سەدەی بیستەمدا، زمانەوانی بەریتانی مایکڵ هالیدای ڕوانگەیەکی نوێ و ئەرکییانەی بۆ زمان پێشکەشکرد و زمانی وەکو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بۆ دروستکردنی واتا تەماشادەکرد، بۆ ئەم مەبەستەش لە ساڵی ١٩٧٣ لە وتارێکیدا بەناونیشانی (بنەمای ئەرکیی زمان-the functional basis of language) بابەت و کێشەی پەیوەندیی نێوان پێکهاتەی زمانێک و جۆری بەکارهێنانی ئەو زمانەی خستەڕو، ئەو گریمانەیەش دەخاتەڕو، کە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی زمان، پێکهاتەکانی زمان دیاریدەکەن.

هالیدای لەسەرەتادا بە تێبینیکردن لەسەر زمانی منداڵ لێکۆڵینەوەکەی دەستپێکرد بۆ ئەم مەبەستەش دەستی بە چاودێریکردنی زمانی منداڵەکەی خۆی کرد، کە ناوی (نیگڵ-Nigel) بو، تەمەنی نۆزدە مانگان بو، لێرەوە بۆی دەرکەوت، کە منداڵان زمان بەکاردەهێنن بۆ بەدەستهێنانی پێویستییە جۆراوجۆرەکانیان، وەکو: بەدەستهێنانی پێویستییە مادییەکان، دەربڕینی هەستەکان، هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسانی تر، خەیاڵکردن...هتد، لەمەشەوە مۆدێلە بەناوباگەکەی خۆی، کە حەوت ئەرکە سەرەکییەکەی زمانە(Hallidays seven function language) پێشکەشکرد.(بڕوانە: Halliday, 1973: 14-36).

هەرچەندە ئەم ئەرکانە لەسەرەتادا بۆ ڕونکردنەوەی زمانی منداڵ هاتەکایەوە، بەڵام لەمڕۆدا وەکو مۆدێلێکی شیکارکردن بۆ لێکۆڵینەوەی زمان لەبواری پەروەردە و شیکردنەوەی وتار و زمانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵێک بابەتی تر بەکاردەهێنرێت، واتە پاش تێپەڕبونی تەمەنی منداڵی، ئەم ئەرکانە نەک تەنیا لەناو ناچن، بەڵکو بەشێوازێکی زانستی و فەرمیتر بەرهەم دەهێنرێنەوە، لەم ڕوانگەیەوە یەکێک لەبوارە هاوچەرخەکانی ئەم مۆدێلە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی

کتێبەکانی خوێندنە، بەتایبەت بۆ قوتابییانی قۆناغی بنەڕەتی، چونکە قوتابی وردەوردە لە قۆناغی سەرەتایی گەشەی زمانەوە هەنگاو دەنێت بۆ فێربونی زمانێکی زانستی.

ئەم توێژینەوەیەش بە پشتبەستن بە تیۆری ئەرکەکانی زمانی هالیدای هەوڵدەدات ناوەرۆکی کتێبی (خوێندنی کوردی)ی پۆلی سێیەمی قۆناغی بنەڕەتی شیکاربکات، ئەم شیکردنەوەیە دەتوانێت پیشانیبدات، ئایا ناوەرۆکی ئەم کتێبە تەنیا گرنگیی بە بەکارهێنانی ئەرکێکی دیاریکراو داوە، یان هەوڵیداوە لە هەمو لایەنەکانەوە برەو بە تواناکانی قوتابی بدات.

**١-١/٢ ئەرکی ئامرازیی (instrumental function)**

ئەم ئەرکە بە پلەی یەکەم پەیوەندیی بە بەکارهێنانی زمانەوە هەیە، وەکو ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی پێویستییەک، گەیشتن بە ئامانجێک، یان ئەنجامدانی کارێک، زۆرجار ئەرکی ئامرازیی بریتییە لە ئاڕاستەکردنی کەسانی دیکە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان، یان گەیاندنی پێویستی بەشێوەیەکی کرداریی.

زمان لەم ئەرکەیدا بەئامانجی کۆنترۆڵکردنی بارودۆخ و ڕوداوەکان بەکاردەهێنرێت، بۆ ئەوەی بەو شێوەیەی قسەکەر ئارەزوی دەکات، ڕوبدات، تاک ئەم ئەرکە بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئەو شتەی کە دەیەوێت بەکاردەهێنێت.(رحیمە، ٢٠٢٣: ٣١) بە بڕوای هالیدای ئەرکی ئامرازیی، ئەرکێکە تیایدا زمان بۆ تێرکردنی پێداویستییە مادديیەکان بەکاردەهێنرێت و بە ئەرکی (من دەمەوێت-I want) ناسراوە.(Halliday, 1973: 11) واتە زمان هەر لەسەرەتای منداڵییەوە ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات، پێداویستییەکانیان تێربکەن و ئەوەی دەیانەوێت لە ژینگەی دەوروبەریان بەدەستیبهێنن، واتە لەم ئەرکەدا زمان دەبێتە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراوی قسەکەر، کە زۆرجار ئامانجەکە فیزیکی و کارەکییە و زیاتر بەدەوری ئەم بابەتانەدا دەسوڕێتەوە:

- داوای پێویستی و ئەنجامدانی کارێک: تکایە پەرداخێک ئاوم پێبدە.
- فەرماندان: دەرگاکە دابخە(قسەکەر کەسێک ئاڕاستە دەکات بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی فیزیکی و کارەکی).
- داوای یارمەتی: دەتوانیت یارمەتیم بدەیت، ئەم سندوقە هەڵبگرم؟(قسەکەر داوای یارمەتی دەکات بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکێک، کە هەڵگرتنی سندوقەکەیە).
- دانوستان: ئەگەر کارەکانی ناو ماڵ ئەنجامبدەیت، منیش دیارییەکت بۆ دەکڕم. (قسەکەر زمان بەکاردەهێنێت بۆ دانوستان لەسەر ڕێککەوتن لەگەڵ کەسی بەرانبەر، کە هەردولایان پێداویستییەکانیان دابیندەکەن).
- دەربڕینی خواستەکان: موبایلێکی نوێم دەوێت.

تەواوی ئەم نمونانە ئەوە دەردەخەن، کە چۆن زمان وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی پێداویستییەکان، داواکارییەکان، خواستەکان، کە پەیوەستن بە ئەنجامدانی کارێک لەلایەن گوێگرەوە بۆ بەرژەوەندی و خواستی قسەکەر، بەکاردەهێنرێت.

**لە کتێبی (خوێندنی کوردی)دا دو نمونەی ئەم ئەرکە هەن، ئەمانەن:**

- **هەندرێن ئەم تابلۆیە هەڵواسە.-ل٨٥**

**ئەم ڕستەیە دەبێتە ئەرکی ئامرازیی، چونکە قسەکەر فەرمانی بە گوێگر کردوە بۆ ئەنجامدانی کارێکی فیزیکی.**

- **مامۆستا گوتی: دەی پەریا، بابزانین لە خولی مۆسیقا چی فێربویت؟ ل٧٠**

**ئەم ڕستەیە هەرچەندە لە بنەڕەتدا ڕستەیەکی پرسیارییە و وەکو ئەرکی (گەڕان) دەردەکەوێت، بەڵام لە دەوروبەری بەکارهێنانیدا مامۆستاکە داوا لە پەریا دەکات پارچەیەک مۆسیقا لێبدات، بۆیە دەبێتە ئەرکی ئامرازی، چونکە داواکردنە بۆ بەدەستهێنانی شتێک لەلایەن مامۆستاکەوە.**

### ٢-١/٢ ئەركی ڕێکخستن (regulatory function)

بریتییە لەو ئەرکە زمانییەی، کە تاک بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری ئەوانی دیکە و بۆ جێبەجێکردنی مەرج و قەدەغەکردنەکان بەکاریدەهێنێت، زمان لەم ئەرکەیدا ئامانجی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری مرۆڤە، هاڵیدای ئەم ئەرکە بە دەربڕینی (بەو شێوەیە ئەنجامی بدە من پێتدەڵێم Do as I tell you) ناو دەبات، کە تیایدا زمان وەک سەرپەرشتیار، کۆنترۆڵکەر، ڕێکخەری ڕوداوەکان کاردەکات، یان کار بۆ کۆنترۆڵکردن و ڕێکخستنی کەسانی دیکە دەکات.( Halliday, 1973: 12).

منداڵ زۆر زو درک بەوە دەکات، کە دەتوانێت زمان بۆ ئەم مەبەستە بەکاربهێنێت، چونکە کەسانی دیکە زۆرجار ئەم کارەیان لەگەڵ دەکەن، بۆ نمونە کەسانی گەورەتر زۆرجار منداڵ ئاگادار دەکەنەوە، کە دەست لە شتەکانی دەوروبەریان نەدەن، جیاوازی نێوان ئەرکی ئامرازیی و ڕێکخستنیش ئەوەیە، لەکاتی بەکارهێنانی ئەرکی ئامرازییدا منداڵ سەرنجی لەسەر ئەو شتەیە، کە دەیەوێت، بەڵام گرنگی بەوە نادات، کێ ئەو شتەی بۆ بەدەستدەهێنێت، کەچی لە ئەرکی ڕێکخستندا گوتنەکە ئاڕاستەی کەسێکی دیاریکراو دەکرێت.(Thwaite, 2019: 44).

کەواتە لە ئەرکی ئامرازییدا جەخت لەسەر بەدەستهێنانی پێداویستی و ئارەزوەکان دەکرێتەوە و نێرەری پەیام پێویستی بە وەرگرێکی تایبەت نییە، بە پێچەوانەشەوە لە ئەرکی ڕێکخستندا پێویستی بە وەرگرێکی تایبەت و دیاریکراوە، کە نێرەری پەیامەکە ڕەفتارەکانی ئەو وەرگرە کۆنترۆڵدەکات، هەر بۆیە دیاریکردنی وەرگر بۆ نێرەری پەیام مەرجی سەرەکییە.(رضایی و علی پور، ١٣٩١: ١٦٦) کەواتە ئەم ئەرکە زیاتر ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت:

- ئاگادارکردنەوە: ئاگاداربە!
- فەرماندان: بە بێدەنگی دانیشە.
- قەدەغەکردن، یان سنوردارکردنی کارەکان: نابێت شت لە کەسی نەناسراو وەربگریت.
- کۆنترۆڵکردن لەڕێگەی کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارەوە بۆ دوانەی دژیەکی پەسەندە/پەسەند نییە: ئەو کارەت زۆر ناشرین بو!
- کۆنترۆڵکردن لەڕێگەی یاساوە: ئەو کارە ڕێگەپێدراو نییە.

**لە کتێبی (خوێندنی کوردی)دا کۆمەڵێک نمونەی ئەم ئەرکە هەن:**

- **کەوابو پێویستە وەک ماڵی خۆمان بیپارێزین و پاکوخاوێن ڕایبگرین. ل١١**
- **دەبێت ئێمە کتێبخانەی قوتابخانەکەمان بە کتێب و گۆڤار دەوڵەمەند بکەین. ل١٩**
- **با سەردانی کتێبخانەی قوتابخانەکەمان بکەین. ل١٩**
- **وا چاکە گەڕانەکەتان سنوردار بێت. ل٧٨**
- **واباشترە بچنە ناو ئەو بابەتانەی لەگەڵ تەمەنی ئێوەدا گونجاون. ل٧٩**
- **ڕۆڵە قسە بە کەس مەبڕە. ل٥٥**

**لەو نمونانەی سەرەوەدا ڕستەکان ئەرکی ڕێکخستن دەنوێنن، چونکە بۆ مەبەستی ئاگادارکردنەوە و سنوردارکردن و کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارەکانی گوێگر بەکارهاتون.**

### ٣-١/٢ ئەركی كارلێككردن (interactional function)

مۆدێلی زمانی کارلێککردن ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی زمان لەکارلێکی نێوان خود و ئەوانی تر، کە هاڵیدای بە ئەرکی (من و تۆ me & you) ناوی دەبات.(Halliday, 1973: 23) ئەم ئەرکە ئاڕاستەکراوە بەرەو پەیوەندیی نێوان ئەو

کەسانەی، کە لە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیدان و لەم ڕێگەیەوە کار بۆ مانەوەی ئەو پەیوەندییە دەکەن (لەم ئەرکەدا زمان کار بۆ بەردەوامیی پەیوەندی و دامەزراندنی کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکات، زمان ڕێگە بە مرۆڤ دەدات، پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دەوروبەری دروست بکات و بیپارێزێت.)(Azizah & Basid, 2024: 61) کەواتە خودی کارلێکی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی داینامیکییە و پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان تاکەکان، یان پەیوەندیی نێوان دو گروپ یان زیاتر.

ئێمەی مرۆڤ لە بۆنە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکاندا زمان بەکاردەهێنین و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانی پێ ئاڵوگۆڕ دەکەین. (ئەرکی کارلێککردن خزمەت بە دڵنیابون لە پاراستنی کۆمەڵایەتی، دامەزراندنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هێشتنەوەی کەناڵەکانی پەیوەندیکردن بەکراوەیی دەکات.)(Degaf, 2014: 47) هەروەها دەربڕاوە زمانییەکان لە ئەرکی کارلێککارانەدا تارادەیەکی زۆر جێگیرن و لای بەکارهێنەرانی ئەو دەوروبەرە کۆمەڵایەتییە نەگۆڕن.(رحيمە، ٢٠٢٣: ١٣)، وەک دەربڕاوەکانی: سڵاوکردن، ماڵئاواییکردن، سوپاسکردن، داوای لێبوردنکردن، گفتوگۆ دەربارەی کەش و هەوا، هەواڵپرسینی خێزان...هتد، ئەمانەش چەند نمونەیەکن بۆ **ئەم ئەرکە لە کتێبی (خوێندنی کوردی)دا:**

- **چۆنی هاوڕێکەم؟ ل٢٣**
- **ئافەرین بۆ ئەم بیرکردنەوە و وەڵامە ڕاستانە. ل١٩**
- **تۆ گەلێک میهرەبان و قسەخۆشی هاوڕێکەم. ل٢٤**
- **دایکی بە خەندەیەکەوە گوتی: پێویست ناکات نیگەران بیت. ل٤٨**
- **باوکی گوتی: ئافەرین کچم، تۆ کتێبەکەی خۆت زو تەواو کردوە. ل٥٤**

**ئەو نمونانەی سەرەوە لە ڕوی ناوەڕۆکەوە دەبنە ئەرکی کارلێککردن، چونکە بۆ مەبەستی سڵاوکردن و سوپاسکردن و هاندان...هتد بەکارهاتون.**

## ٤-١/٢ ئەرکی کەسیی (personal function)

ئەرکێکە بۆ دەربڕینی کاردانەوە تاکە کەسییەکان بەکاردێت بە پشتبەستن بە بیرکردنەوە و بۆچون و هەست و سۆزی قسەکەر، تاک لەڕێگەی زمانەوە دەتوانێت بۆچون و هەست و تێڕوانینی خۆی بەرانبەر بە زۆر بابەت دەربڕێت، واتە لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانەوە دەتوانێت شوناس و کیانی کەسیی خۆی بسەلمێنێت و بیرۆکەکان بخاتە بەردەم کەسانی دیکە (هەستی بەهێز و بۆچونی پتەوی تاک لەڕێگەی ئەم ئەرکەوە دێتەبون، بیری شۆڕشگێڕانە، لێکدانەوەی ئاینی و مەزهەبی، دەربڕینی عاشقانە، نمونەی زمانیی ئەم ئەرکەن.)(قاضى زاده و قنسولى، ١٣٨٩: ١٢٢) ناتوانرێت ئەرکە کەسییەکان لە دو پێکهاتەی سەرەکی جیابکرێنەوە، ئەوانیش بریتیین لە: دەربڕین و هەستەکان، دەربڕینەکە هەمیشە لە شێوەی کاردانەوەیەکدا دەبێت لەلایەن مرۆڤەوە وەک ئامرازێک لە گەیاندنی شتێکدا، لەکاتێکدا هەستەکان هەمیشە هەست و کاردانەوە قوڵەکان لەخۆدەگرن وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی شتێک دەربارەی خۆیان و شتێک دەربارەی ئەوانی تر.(Azizah & Basid, 2024: 63) ئەرکی کەسیی زیاتر لە بوارەکانی (خۆناساندن، دەربڕینی هەستەکان و هەڵچونەکان، داوای لێبوردنکردن، سەرسوڕمان و نیگەرانی...هتد) دەگرێتەوە، هەروەها مەرج نییە ئەرکی کەسیی هەمیشە لە دەربڕاوە زمانییەکاندا بێت، بەڵکو دەتوانرێت لە ڕوخسار، ئاماژە، یان خاڵبەندی لە دەقێکدا ببینرێت، لێرەدا چەند نمونەیەک **لە کتێبی (خوێندنی کوردی) دەخەینەڕو:**

- **قوتابخانەکەم خۆشدەوێت. ل١٠**
- **کاتێک لێی دور دەکەومەوە هەمیشە بیری دەکەم. ل١١**

- **ئاكۆ دەستی بەرزكردەوە و گوتی: پاراستنی كورسی و مێز و شتومەكی قوتابخانەش خۆشەویسیيە بۆ نیشتیمان. ل٢٦**
- **هاوڕێی تۆ نیم، تۆم خۆشناوێ. ل٢٢**
- **بۆچی! چی بوە! ل٢٢**
- **هاوڕاتم، منیش ئەوەم بەدڵە. ل٧٨**

**ئەم نموونانەی سەرەوە دەبنە ئەركی كەسیی، چونكە بۆ مەبەستی دەربڕینی بیروڕا و دەربڕینی هەستەكان، یان سەرسوڕمان و نیگەرانی بەكارهاتون.**

### ٥-١/٢ ئەركی گەڕان (heuristic function)

ئەم ئەركە ڕێگە بە مرۆڤ دەدات، زانیاری بەدەستبهێنێت و شتێک فێرببێت بە بەكارهێنانی ئامرازەكانی زمان. لەم ئەركەدا نێرەری پەیام هەوڵی بەدەستهێنانی زانیاری دەدات و هەوڵدەدات هەواڵ و زانیاری لەسەر ژینگەی دەوروبەری خۆی بەدەستبهێنێت، لەڕاستیدا هەر پرسیارێک لەلایەن نێرەرەوە دەكرێت، ئەركی گەڕانی زمان پیشاندەدات.(رضایی و علی پور، ١٣٩١: ١٦٧).

كاتێک منداڵ سنوری نێوان خۆی و ژینگەكەی ناسییەوە، دەست بە گەڕان دەكات بەدوای ئەوەی، كە لەدەوروبەریدایە. مۆدێلی گەڕانی زمان لە زانینەوە سەرچاوە دەگرێت، كە چۆن زمان ڕێگە بە گەڕان بە ژینگەدا دەدات، گەڕان ئاماژەیە بۆ زمان وەكو ئامرازێک بۆ لێكۆڵینەوە لە كەتوار(واقیع)، ڕێگایەكە بۆ ناسینی شتەكان، هەروەها بەكارهێنانی زمانە بۆ فێربونی گەڕان بەدوای واقیعدا، كە هاڵیدای بە ئەركی (tell me why? – پێم بڵێ بۆ چی؟) ناوی دەبات (Halliday, 1973: 16)، (بەهۆی پرسیاركردنەوە قسەكەر دەتوانێت كەلێنێک، یان چەند كەلێنێک لە زانیاری خۆیدا بەرانبەر بە دیاردەیەک پڕبكاتەوە.)(ناوخۆش و خۆشناو، ٢٠١٠: ١٤٦).

ئەركی گەڕان ئەو شتەمان بیردەخاتەوە، كە بەشێوەیەكی باو بە پرسیاركردن ناسراوە، چونكە ئەم ئەركە زۆرجار لەشێوەی پرسیاردا دەگەیەنرێت و پێویستی بە وەڵام هەیە، بەتایبەت زۆرجار منداڵ لە ڕێگەی بەكارهێنانی گەڕانەوە دەست بە پرسیاری بێكۆتایی (چی، بۆچی، كەی، چۆن، كامە...) دەكات دەربارەی جیهانی دەوروبەر، ئەمانەش هەندێک نمونەی ئەركی گەڕانن **لە كتێبی (خوێندنی كوردی)دا:**

- **چۆن دەتوانین پارێزگاری لە نیشتیمان بكەین؟ ل٢٦**
- **بۆچی پێویستە دەستم بشۆم؟ ل٤٠**
- **بۆچی پێویستە ڕێكاری تەندروستی پەیرەو بكەین؟ ل٤١**
- **مامۆستا هونەرمەند كێیە؟ ل٧١**
- **بۆچی نەهات؟ ل٤٨**
- **چۆن دەتوانین وەڵامی پرسیار و زانیارییەكان بەدەستبهێنین؟ ل١٨**

### ٦-١/٢ ئەركی خەیاڵی (imaginative function)

بریتییە لە بەكارهێنانی زمان بۆ دروستكردنی جیهانێكی خەیاڵی، تیایدا مرۆڤ لە ڕێگەی دیمەنی خەیاڵی و نوسینی چیرۆک و هاوشێوەكانییەوە هەوڵدەدات مەبەستی خۆی بگوێزێتەوە، زمان ڕێگە بە تاک دەدات تا لە واقیع ڕزگاری ببێت

لە ڕێگەی ئامرازێکی دروستکراوی خۆیەوە، کە هالیدای بە ئەرکی (let us pretend- با وا نیشانبدەین) ناوی دەبات(Halliday, 1973: 15).

ئەم ئەرکە وەسفی خەیاڵی مرۆڤ دەکات، زۆرجار ئەم خەیاڵکردنە لەگەڵ جیهانی کەتواردا ناگونجێت، بەرهەمەکانی وەک: شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و دراما.... بەرهەمی ئەم ئەرکەی زمانن، واتە بەنزیکەیی هەمو بەرهەمە ئەدەبییەکان پێویستیان بە وێناکردن هەیە، هەروەها بە شوێنێک، کە خەیاڵ و وێناکردنەکەی تێدا بنوسرێت.( Azizah & Basid, 2024: 66).

ئەرکی خەیاڵیی ڕێگە بە منداڵ دەدات، بەشداریی یاریی خۆنمایشکردن و ڕۆڵگێران و چیرۆکگێڕانەوە بکات، واتە تاک دەتوانێت سیناریۆ و کارەکتەر و گێڕانەوەی خەیاڵی دروستبکات، بەمەش منداڵ فێری داهێنان دەبێت لە ڕێگای ئەم جۆرە چالاکییە داهێنەرانەیەوە، **لە کتێبی (خوێندنی کوردی)دا تەنها دوجار نمونەی ئەم ئەرکە بەچاو دەکەوێت:**

**١/ گفتوگۆی نێوان قەڵەم و پاککەرەوە، ل٢٣: ئەم دەقە گفتوگۆیە لەنێوان قەڵەمێک و پاککەرەوەیەکدا، وەک دەزانین ئەم دو کەرەستەیە بێگیانن، بەڵام لێرەدا پێکەوە هاوشێوەی مرۆڤ گفتوگۆ دەکەن، بەوەش ئەرکی خەیاڵی دروستدەکەن، چونکە مەودای خەیاڵ بۆ منداڵ فراواندەکات، تا لەو ڕێگەیەوە بتوانێت چیرۆکی هاوشێوە بهێنێتە بەرهەم.**

**٢/ چاکەکردن، ل٦٢: لەم دەقەدا چیرۆک لەسەر زمانی گیانداران گێڕراوەتەوە و پاڵەوانی چیرۆکەکە کەروێشکێکە، بەڵام ڕەفتارەکانی لەگەڵ بێچوەکانیدا هاوشێوەی مرۆڤە، بۆیە بە ئەرکی خەیاڵی دادەنرێت.**

### ٧-١/٢ ئەرکی زانیاری گەیاندن- نوێنەرایەتی (representational function)

ئەم ئەرکە بۆ دەربڕین و ڕاگەیاندنی ڕاستییەکان و زانیاری و دەرئەنجامەکان بەکاردێت، بەگشتی کەتوار وەکو خۆی دەگوێزێتەوە، واتە (قسەکەر سەرچاوەی بڵاوکردنەوەی زانیاری و هەواڵە، قسەکەر دەیەوێت بون و نەبون، یان ڕاستی و ناڕاستی دیاردەکان پیشانبدات، لەهەمانکاتیشدا ڕستەکانی هەواڵگەیاندن مەرج نییە هەر ڕاست بێت، بەڵکو دەشێت هەڵە بێت، چونکە ئەرکی قسەکەر لێرەدا تەنیا گەیاندنی زانیارییە.)(ناوخۆش و خۆشناو، ٢٠١٠، ١٤٦).

ئەرکی زانیاری دەبێتە کۆتا ئەرک، کە لەلای منداڵ گەشەدەکات و لەدوای ئەوانی ترەوە دێت، چونکە لەڕاستیدا بیرۆکەیەکی تەواو ئاڵۆزە، کاتێک بیر لەوە بکەیتەوە، بتەوێت شتێک بە کەسێک بڵێیت، کە پێشتر ئەو زانیارییەی نەبوە.(Thwaite, 2019: 45).

ئەرکی نوێنەرایەتی ڕێگایەکە بۆ پەیوەندیکردن سەبارەت بە شتێک، دەربڕینی ئەو شتانەی، کە گەڵاڵە دەبن لای تاک و بە ئەرکی (I have got something to tell you- شتێکم هەیە پێت بڵێم) ناسراوە.(Halliday, 1973: 16) پەیوەندییکردنەکەش بەدەوری ناوەڕۆکدا دەخولێتەوە و واقیعی ڕاستەقینە وەک ئەوەی خەڵک ئەزمونی دەکەن، یان دەیبینن، دەگەیەنێت، واتە ئەم ئەرکە بەدەوری ئەم بابەتانەدا دەخولێتەوە: وەسفکردنی شتەکان، باسکردنی ڕوداوەکان، ڕونکردنەوەی پرۆسەکان، ئاڕاستەکان و ڕێنمایی پێدان، هاوبەشیکردنی ئەزمونی کەسیی، دەربڕینی بۆچونەکان...هتد. **لە کتێبی (خوێندنی کوردی)دا زۆرترین نمونەکان لە چوارچێوەی ئەم ئەرکەدان، بۆ نمونە:**

- **هەجیج گوندێکی دڵگیر و مێژویی هەورامانە لە خۆرهەڵاتی کوردستان. ل٣٣**
- **ساڵی نوێی خوێندن دەستی پێکردەوە. ل١٠**
- **ڕۆژێک مامۆستای کوردی هاتە پۆل. ل١٨**

- پەروا ویستی لەسەر سفرەی نانخواردن دابنیشێت. ل٤٠
- بەفر لانەکەیانی داپۆشیبو. ل٦٢
- پەریا قوتابییەکی زرنگ و بەهرەدار بو. ل٧٠

### ٢/٢ شیکردنەوەی داتا بەدەستهاتووەکان

لەم تەوەرەیەدا بە پشتبەستن بەو داتایانەی، کە لە کتێبی (خوێندنی کوردی)دا دیاریمانکردوە، کۆی گشتی کتێبەکە لە (١٢) بابەتی خوێندنەوە پێکدێت و ئەم بابەتانەش لە (١٨٢) ڕستە پێکهاتون، وەک لە خشتەکەدا ئاماژەی پێدراوە چۆنێتی دابەشبونی سەرجەم ڕستەکان بەسەر حەوت ئەرکەکەی زماندا و ڕێژەکانیان خراونەتەڕو:

| ئەرکەکانی زمان | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| ئامرازیی | ٢ | ١ % |
| ڕێکخستن | ٢٠ | ١١ % |
| کەسیی | ٣٠ | ١٦ % |
| کارلێککردن | ١٨ | ١٠ % |
| گەڕان | ١٣ | ٧ % |
| خەیالی | ٢ | ١ % |
| زانیاری گەیاندن | ٩٨ | ٥٤ % |

بە سەرنجدان لەو داتایانەی خشتەکە، هەریەک لە ئەرکەکانی زمان ڕێژەی بەکارهێنانیان جیاوازە لە یەکتر بەشێوەیەک ئەرکی ئامرازی تەنها (٢)جار بەکارهاتوە، کە (١%)ە، ئەرکی ڕێکخستن (٢٠)جار بەکارهاتوە و بەنزیکەیی دەکاتە (١١%)، ئەرکی کەسی (٣٠)جار و بەرێژەی (١٦%) بەشداریکردوە.

ئەرکی کارلێککردن (١٨)جار و بەرێژەی (١٠%)، ئەرکی گەڕان (١٣)جار و بەرێژەی (٧%) بەکارهاتون، هەرچی ئەرکی خەیاڵییە تەنها (٢)جار بەکارهاتوە ئەویش ڕێژەی (١%) دەکات، کۆتا ئەرک، کە زانیاری گەیاندنە زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، ئەویش (٩٨)جارە و ڕێژەی (٥٤%) دەکات.

### ٣/٢ هەڵسەنگاندنی داتاکان

بەسەرنجدان لە ڕێژەی بەکارهێنانی هەریەک لە جۆرە جیاوازەکانی ئەرکەکانی زمان ئەوە دەردەکەوێت، کە:

- ئەرکی زانیاریی گەیاندن زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، ئەمەش چاوەڕوان دەکرێت بەو شێوەیە بێت، چونکە ئەو زمانەی، کە کتێبی قوتابخانەی پێدەنوسرێت لەسەر بنەمای گواستنەوەی زانیاری و وەسفی دیاردەکان و خستنەڕوی چەمکەکان بنیاتنراوە، هەبونی ئەم ئەرکە لە کتێبی (خوێندنی کوردی)دا دەتوانێت کار لەسەر تێگەیشتنی زانستی و ڕێکخستنی هزری قوتابی بکات، واتە قوتابی لەم ڕێگەیەوە فێردەبێت زمان وەکو ئامرازێک بەکاربهێنێت بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان، پێناسەکان، وەسفکردنی ڕوداو و دیاردەکان، هەروەها لێرەوە فێردەبێت بابەتی کورت و سادە بنوسێت، کە سەرەنجام هەنگاو بۆ نوسینی فەرمی و ئەکادیمی و زانستی دەنێت لە داهاتودا.
- ئەرکی کەسیی بەرێژەی مامناوەند بەکارهاتوە و بە پلەی دوەم دێت لە دوای ئەرکی زانیاریی گەیاندن، فێربونی ئەم ئەرکە بە شێوەیەکی زانستی هەلی ئەوە بە قوتابی دەدات تا هەستەکان، بیرکردنەوەکان و ئارەزوەکانی خود بدرکێنن، گەشەی زمان لەم جۆرە ئەرکەدا یارمەتی قوتابی دەدات تا لە داهاتودا بتوانێت بیروڕای خۆی دەربڕێت،

هەڵوێستی هەبێت، هەستەکانی بەشێوەیەکی گونجاو بخاتەڕو، کەمیی یان نەبونی ئەم ئەرکە بەشێوەیەکی نەرێنی کار لەسەر ئەو لایەنانەی قوتابی دەکات.

- ئەرکی ڕێکخستن بەرێژەیەکی مامناوەند و بە پلەی سێیەم دێت لە بەکارهێناندا، خوێندنی ئەم ئەرکە لە قوتابخانەدا، قوتابی فێردەکات، کە چۆن بەشێوەیەکی کاریگەر و ڕەفتارێکی جوان لەگەڵ کەسانی تر هەڵسوکەوت بکات، فێری دەکات بە چ شێوازیک کەسی بەرانبەر ئاگادار بکاتەوە یان ئاراستەی بکات، لێرەوە هەنگاو دەنێت بۆ فێربونی سەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردن لە کار و پیشەی داهاتویدا.
- ئەرکی کارلێککردن پلەی چوارەمی وەرگرتوە لە بەکارهێناندا و ڕێژەی بەکارهێنانەکەی تا ڕادەیەک گونجاوە، ئەم ئەرکە لە خزمەت پێکهێنان و پاراستنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی دایە، بەکارهێنانی زمان بۆ سڵاوکردن، گفتوگۆ، بەشداری لە چالاکیی بەکۆمەڵدا سود لەم ئەرکە دەبینێت، ئەگەر کار لەسەر ئەوە بکرێت، کە ئەرکی کارلێککردن لای قوتابی بەهێز بکرێت و پەرەی پێبدرێت، دواتر فێری ئەوە دەبن، کە چۆن لەگەڵ کەسانی دەوروبەر بەشێوەیەکی گونجاو کارلێک بکەن و کاریگەریيان هەبێت، هەروەها لە گفتوگۆی ناو پۆلدا بەشێوەیەکی دروست بەشدارییبکەن، کەمیی ئەم ئەرکە دەکرێت ببێتەهۆی سنورداربونی گەشەی کۆمەڵایەتی و زمانیی قوتابی.
- ئەرکی گەڕان بەپلەی پێنجەم و بەرێژەیەکی تاڕادەیەک کەم بەکارهاتوە، لەکاتێکدا ئەم ئەرکە یارمەتی قوتابی دەدات زمان بۆ پرسیارکردن و دۆزینەوە و فێربون بەکاربهێنێت، ئەم ئەرکە ڕۆڵێکی گرنگی لە پرۆسەی پەروەردەدا هەیە، چونکە قوتابی لە قوتابخانە نابێت تەنها زانیاری وەربگرێت، بەڵکو دەبێت بە پرسیارکردن و دروستکردنی گریمانە و شیکردنەوەی پرسیارەکان بەشدارییبکەن، لە پۆلی سێیەمی بنەڕەتیدا قوتابیان وردەوردە دەچنە قۆناغی بیرکردنەوەی لۆجیکییەوە، ئەمەش لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە بەدەستدێت و دەبێتە هۆی گەشەی مەعریفیی قوتابی، کەواتە کەمیی ئەم ئەرکە دەبێتەهۆی سنوردارکردنی لایەنی بیریی و کەمکردنەوەی بەشداریی چالاکانەی قوتابی لە پرۆسەی فێربوندا.
- ئەرکی خەیاڵی بە پلەی شەشەم دێت و تەنها دو جار بەکارهاتوە، لە کاتێکدا ئەم ئەرکە ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت لە گەشەکردنی داهێنان و چیرۆک دروستکردن و یارییە بیرییەکان، وا لە قوتابی دەکات توانای دروستکردنی باروددۆخ و بیری خەیاڵی هەبێت. لە قۆناغی سەرەتاییدا منداڵ بەشێوەیەکی سروشتی ئارەزوی ڕۆڵگێڕان و شیعر و چیرۆکیان هەیە و زمان بۆ دروستکردنی جیهانێکی خەیاڵی بەکاردەهێنن، سنوردارکردنی ئەم ئەرکە یان گرنگی پێنەدانی، دەرفەتی گەشەکردنی بیری داهێنەرانەی قوتابی لاوازدەکات.
- ئەرکی ئامرازییش، تەنیا لە (٢) ڕستەدا بەکارهاتوە، هەبونی ئەرکی ئامرازیی لە کتێبی قوتابخانەدا قوتابی فێردەکات، کە چۆن داواکارییەکانی بە زمان دەربڕێت، ئەمەش هەستی ئازادی و سەربەخۆیی و باوەڕبەخۆبونی بەهێزدەکات. لەم ڕێگەیەوە فێردەبێت داواکاریی پێویستییەکانی بەشێوەیەکی لۆجیکی و بە ڕەوشتێکی جوانەوە، کە لەگەڵ کلتوری کۆمەڵگادا بگونجێت، داوابکات، هەروەها قوتابی لە ڕێگەی فێربونی ئەم ئەرکەوە هەوڵدەدات پەیوەندی لەنێوان زمانی قسەکردن و زمانی نوسیندا بنیاتبنێت، واتە دەچێتە ناو قۆناغێکەوە دەبێت فێرببێت داواکارییەکان تەنیا بەشێوەی زارەکی دەرنەبڕێت، بەڵکو بتوانێت بەشێوەی نوسینیش ئەوکارە ئەنجامبدات، وەکو نوسینی نامە بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانە بۆ داوای یارمەتی و مۆڵەت وەرگرتن بۆ کاری پێویست، بۆیە کەمیی ئەم ئەرکە ژیانی ڕاستەقینەی قوتابی نانوێنێت و وادەکات گەشەی زمانیی و پەروەردەیی و ڕەفتاری دروستی کۆمەڵایەتیی قوتابی گەشەنەکات.

## ئەنجام

١) لە ڕوانگەی زمانەوانیی ئەرکیی سیستەمییەوە، زمان تەنیا هۆکارێک و ئامرازێک نییە بۆ گواستنەوەی پەیام لە ڕێگەی ڕیزبەندی و یاساکانی ڕێزمانەوە، بەڵکو سیستەمێکی چالاک و واتادار و کارەکییە، کە خزمەت بە پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ و جیهانی دەوروبەر دەکات.

٢) منداڵ پێش چونە قوتابخانە بەشێوەیەکی سروشتی فێری بەکارهێنانی ئەرکەکانی زمان دەبێت، بەڵام فێربونی ئەم ئەرکە بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی لە قوتابخانەدا دەبێتەهۆی گەشەکردنی ئەم ئەرکانە لەلای منداڵ بەشێوەیەکی ڕێکخراو و قوڵ و هەمەجۆر.

٣) زۆریی ئەرکی زانیاریی گەیاندن نیشانەی ئەوەیە، کە کتێبەکە زیاتر گرنگی بە گواستنەوەی زانیارییەکان دەدات، هەرچەندە بەکارهێنانی زیاد لە پێویستی ئەم ئەرکە، وا دەکات پرۆسەی فێربون بەلای قوتابییەوە ئاڵۆز و بێزارکەر بێت.

٤) هەریەک لە ئەرکەکانی ڕێکخستن و کەسیی و کارلێککردن و گەڕان، بەڕێژەیەکی تاڕادەیەک باش بەکارهاتون، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ گەشەی قوتابی لەلایەنی هزریی و زمانیی و مەعریفیی و کۆمەڵایەتی و لۆجیکییەوە.

٥) هەریەک لە ئەرکەکانی ئامرازیی و خەیاڵی بەڕێژەیەکی زۆر کەم بەکارهاتون، ئەمەش وا دەکات گەشەی قوتابی لە لایەنی پەروەردەیی و زمانیی و بیری داهێنەرانەوە سنوردار بکات.

٦) هاوسەنگکردنی ناوەڕۆکی کتێبەکە لە ڕوانگەی ئەرکەکانی زمانەوە، کاردەکاتە سەر باشترکردنی تواناکانی قوتابی لە هەمو لایەنەکانەوە.

پەراوێز:

* ئاشکرایە مالینۆفسکی لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە بواری زمانناسیدا کاریکردوە، لەوکاتەشدا هێشتا زانستی پراگماتیک وەکو لقێک لە لقەکانی زمانناسی سەریهەڵنەدابو، بۆیە بەکارهێنانی زاراوەی پراگماتیک لەلای ئەم زمانناسە هەمان ئەو واتا فراوانەی هەڵنەگرتوە، کە زانستی پراگماتیک هەیەتی، بەڵکو ئەم زاراوەیەی بۆ پەسنی ئەرکێکی زمان بەکارهێناوە، کە بە واتای ئامرازیی (instrumental) دێت، واتە زمان وەکو ئامرازێکە بۆ هەماهەنگی لە چالاکی و کاروباری ڕۆژانە و بەدەستهێنانی پێویستییەکان، لەکاتێکدا زانستی پراگماتیک لێکۆڵینەوەیە لەکاریگەری دەوروبەر لەسەر واتا و شیکاری واتایە لە دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا.

## لیستی سەرچاوەکان

عەلی، تالیب حسێن، ٢٠١٤، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

فەرهادی، ساجیدە عبدوڵا، ٢٠٠٨، ڕستە و پاش ڕستە تێروانینێکی ئەرکی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

کۆمەڵێک نوسەر، ٢٠٢٤، کتێبی خوێندنی کوردی قۆناغی بنەڕەتی پۆلی سێیەم-وەرزی یەکەم، چاپی سێیەم، وەزارەتی پەروەردە-حکومەتی هەرێمی کوردستان/عێراق.

کەریم، هێرش، ٢٠٢٤، تابو و جوانبەخشی لە زمانی کوردی و فارسیدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

محەمەد، شادان حەمەئەمین، ٢٠٢٣، هاوئاهەنگیی دەقبەستی لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

محەمەد، عەبدولقادر حەمەئەمین، ٢٠٠٨، بنیاتی کارنامەیی لە دەق نوێی کوردیدا، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

مەعروف، ئارام عبدالوحد حەمەڕەشید، ٢٠١٣، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، بەڕیوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

ناوخۆش، سەلام و نەریمان خۆشناو، ٢٠١٠، زمانەوانی، بەرگەکانی (٤، ٥، ٦، ٧)، چاپخانەی منارە، هەولێر.

یەعقوبی، عبدالخالق، ٢٠٠٥، دەنگی بلوریی دەق- ڕەخنە و لێکۆڵینەوە.

رحيمة، لطيفة نور، ٢٠٢٣، الوظائف اللغوية فى كتاب اللغة العربية المدرسى لصف الثامن المتوسط لقائمة هاليداى، قسم تعليم اللغة العربية، كلية التربية، جامعة شريف هدايةالله الاسلامية الحكومية، جاكرتا.
حمداوى، جميل، ٢٠١٢، نظريات وظائف اللغة،
http://jamilhamdaoui.blogspot.com/2012/04/blog-post.html
رضايی، حدائق و محمد علی پور، ١٣٩١، بررسی متون خوانداری مجموعەی (فارسی بیاموزیم) بر اساس نقش های هفت گانەی زبان از دیدگای هلیدی، پژوهش نامەی اموزش زبان فارسی به غیر فارسی زبانان، سال اول، شماره دوم.
صفوی، کورش، ١٣٩٠، از زبان شناسی به ادبیات، پژوهشکده فرهنگ و هنر اسلامی، چاپ سوم، جلد اول، تهران.
قاضی زاده، خلیل و بهزاد قنسولی، ١٣٨٩، بررسی گونه کاربردی زبان نوشتاری در وسایل نقلیه برون شهری بر اساس نظریه نقشهای هفت گانه زبان از دیدگاه هلیدی، مجله مطالعات زبان و ترجمه، دانشگاه ادبیات و علوم انسانی، علمی-پژوهشی، شماره ١.
لاکسار، حسین رضائی، ١٣٩٤، سبک شناسی تطبیقی حکایتهای تفسیر سورەی یوسف(احمد بن محمد بن زیرطوسی) باداستانهای کشف الاسرار(ابوالفضل): پژوهشی در چارچوب فرا نقش متنی، کارشناسی ارشد، وزارت علوم، تحقیقات و فناوری، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، مدریت تحصیلات تکمیلی، پژوهشکده ادبیات.
مهاجر، مهران و محمد نبوی، ١٣٩٣، به سوی زبان شناسی شعر، نشر اگه، تهران.
هلیدی، مایکل و رقیه حسن، ١٤٠٠، زبان بافت و متن، جنبەهای از زبان در چشم اندازی اجتماعی-نشانه شناختی، ترجمه: مجتبی منشی زاده و تاهره ایشانی، چاپ سوم، انتشارات علمی.
**Azizeh, Balkis nwr & Abdul Basid, 2024**, text constructions in Arabic news about cairo international based on the perspective language functions of halliday, Dilbilim dergisi-jornal of linguistics, no 42.
**Degaf, Agwin, 2014**, language functions used by the caretakers of Autistic children in Miracle Run, journal of English language teaching and English linguisticsm, vol 1, No 1.
**Halliday, M.A.K, 1973,** Explorations in the functions of language, published Dover.
**Thwaite, Anne, 2019,** Hallidays view of child language learning; has it been misinterpreted? Australian journal of teacher education, vol 44, issue 5.